# ئەو هەموو ئازادیو دیموکراسیەی لەکوردستان باسدەکرێت بەشی مانگرتنێکی قوتابیانی نەکرد !

## ( راگەیاندنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان دەربارەی سەرکوتی مانگرتنی خوێندکارانی کوردستان )

ماوەیەکە قوتابیانی کۆلیژەکانی پزیشکیو یاساو ئەندازیاری لەبەرامبەر کردنەوەی کۆلیژە ئەهلیەکانو گرنگی پێدانو دەست شلکردنی زیاد لەپێویست بۆیان، دەستیان داوەتە مانگرتنێکی هێمنو شارستانیانە لەزانکۆی سلێمانی.

رەخنەی سەرەکی خوێندکارانی مانگرتوو، کاریگەری خراپی کردنەوەی زانکۆ ئەهلیەکانە لەسەر زانکۆ گشتیەکانو دروستکردنی بازاڕێکە کە بڕوانامەکانی خوێندن تیایدا دەکڕدرێو دەفرۆشرێت، بەووتەی بەشێك لەقوتابیانی مانگرتوو دەرچووی ناوەندی هەیە بە10 هەزار دۆلار چووەتە ئەو کۆلیژانە.

لەبەرئەوە سەرەتا خوێندکاران داوای چاکسازیان کرد لەمەرجەکانو پێویستیە زانستیو پراکتیکیەکانی زانکۆ گشتیەکانو خوازیاری ئەوەش بوون زیادەڕۆیی لەکردنەوەی زانکۆ ئەهلیەکاندا کەمبکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆبوونەوەو خۆپیشاندانو یادداشتنامەیان پێشکەشکرد، بەڵام کاتێك هیچ وەڵامێکی بەدەربەستانەیان لەکاربەدەستان وەرنەگرتەوە خواستی داخستنی زانکۆی ئەهلی "ئاینده"یان کردە داخوازی سەرەکیانو لەو پێناوەشدا بەشێوازی جۆراوجۆر تێکۆشانو چەندین کاربەدەستیان بینی کەلەناویاندا وەزیری خوێندنی باڵاو جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی یەکێتی بوون، ئەم کاربەدەستانە جگە لەوەی لەلێدوانەکانیاندا ئەو مانگرتنو داخوازیانەی قوتابیانیان بەناڕەواو دژی دیموکراسیو ئاژاوەگێڕی لەقەڵەمدا بە بەڵگەی زۆر لاوازەوە بەرگریان لەزانکۆ ئەهلیەکانو بەئەهلیکردنی پرۆسەی خوێندن کرد.

بۆ پشتیوانیو هاوخەباتی لەگەڵ قوتابیانی مانگرتووی زانکۆی سلێمانیدا قوتابیانی بەشی دەرمانسازی زانکۆی صەلاحەددین رۆژی 3/9 مانگرتنیان راگەیاندو بڕیاریاندا بەکۆمەڵ سەردانی مانگرتوانی زانکۆی سلێمانی بکەنو بەکردەوە پەیوەستبن پێیانەوە. بەڵام بەفەرمانی ئاسایش لەبازگەی نێوان چەمچەماڵ- کرکوك رێگایان لێدەگرنو گوشاریان دەخەنەسەر تابگەڕێنەوە بۆ هەولێر. دوای بەبنبەست گەیشتنی ووتوێژی نێوان هەردوو لا قوتابیەکان بڕیاردەدەن بەپێ بچنە ئەو دیووی بازگەکەو لەوێوە بەرەو سلێمانی بەرێبکەون بەلام هێزەکانی ئاسایش دەسڕێژیان لێدەکەنو لەئاکامدا چوار کەسیان لێ بریندار دەکەنو هەر کەسێکی تریشیان بەردەست دەکەوێت بەدارو بەقۆناغە تفەنگ لێی دەدەنو بەزۆر بەرەو هەولێر دەیانگێڕنەوە. هاوکات لەبازگەی تاسلوجە رێگا لە 1000 قوتابی زانکۆی سلێمانیش دەگرن کەبۆ پێشوازی لەقوتابیانی زانکۆی صەلاحەدین کەووتبونە رێ.

بۆ مەحکومکردنی ئەو کردەوە سەرکوتگەرانەیە بۆ رۆژی دواتر قوتابیانی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان راگەیاندو تیایدا ئیدانەی ئەو کارەیان کردو خوازیاری لێپێچینەوە لەتاوانبارەکان بوون.

ئێمە وێرای ئەوەی پشتیوانی خۆمان بۆ خوێندکارانی مانگرتوو رادەگەیەنینو هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، بەتوندی هەڵوێستی ئیدارەی سلێمانیو بەتایبەتی هێزەکانی ئاسایش مەحکوم دەکەینو خوازیارین تاوانبارانی ئەو کارە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو بدرێن بەدادگا.

خوێندکارانی پێشکەوتووخواز، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

ئەمە یەکەم جار نیە کەدەسەلاتدارانی کوردستان رێگا لەخۆپیشاندانی خەڵك دەگرن وەیان بەلوولەی چەکەکانیان لەگەلی بەرەو روو دەبن. ئەوان بۆ سەرکوتی خۆپیشاندانی ئاوارەکانی حامیەی سلێمانی دەسڕێژیان لێکردنو سەرەنجام بەکر علی یان لەو خۆپیشاندانەدا

تیرۆرکرد، ئەوان هەموو هێزەکانیان خستە سەر شەقام کۆڵانەکان تاکو ڕیگا لەبەرێوەچوونی خۆپیشاندانی یەکێتی بێکاران بگرن، ئەوان دەسرێژیان کرد لەئاوارەکانی جیش شەعبی شاری هەولێرو بێسەرپەنایان کردن، بەگوللە وەڵامی داخوازی قوتابیانی بەشی ناوخۆیی قازی محمدیان دایەوە،ئەوان ............تاد. ئەم ڕووداوەی دوایی چووەپاڵ ئەوانی ترو بۆ جارێکی تر ماهیەتی دژی دیموکراسیو دژی ئازادی دەسەڵاتدارانی کوردستانی خستەڕوو.

ئەوان بەمەرجێك ئازادیخوازو دیموکراسین کەبڕیارەکانیان بەبێ گفتوگۆ جێبەجێبکرێت، هەرچی بەرامبەر بڕیارەکانیان نارەزایەتی دەربڕێت بەئاژاوەگێڕی لەقەڵەم دەدەن، ئەو هەموو ئازادیو دیموکراسیەی خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن بەشی تەنها یەك مانگرتنی هێمنانەی قوتابیانی نەکرد.ئەوان خۆیان باشدەزانن کەدەسەڵاتیان بەهێزی سەرمایەو زەبرو زەنگو چەك دەتوانێ بەپێوە ڕابوەستێ بۆیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەر دەنگێکی سەربەخۆدا چەندی بۆیان بکرێت دەیتاسێنن.

ئەوان باشدەزانن کەخەڵکی کوردستان لەدەسەڵاتداریێتی حزبە قەومیەکانی کوردستان بەگیان هاتووەو بەشوێن بەدیلی تردا دەگەرێتو خوازیاری چاکسازی ریشەییە لەژیانو گوزەرانیدا،بۆیە دەبینین هەموو ڕێو شوێنێکیان تاقیکردۆتەوە بۆ ئەوەی دەست بەدەسەڵاتەکەیانەوە بگرن، لەفەرمانگە حکومیەکاندا دامەزراندنی هەر کەسێکیان بەستۆتەوە بەتەزکیەی حزبیەوەو بەو هۆیەوە زۆرترین هەوڵیانداوە ناوەندەکانی کارکردنو خزمەتگوزاری کۆنترۆڵ بکەن تا نارەزایەتی تیایاندا بەرێوەنەچێتو خەفەبکرێت، ئەوان ووشیارانە گەورەترین ڕێژەی بێکاریو زۆرترین بێبەشیان خستۆتە دەرەوەی سنووری حزبەکانیان. تەنها لەزانکۆ گشتیەکاندا، کەسەرباری قبول خاصو دەسەڵاتی فراوانی حزبە دەسەڵاتدارەکانو ڕێکخستنەکانیان تیایاندا، بوارێك مابۆوە بۆ خوێندکارانی هەژارو دەسکورتو خەڵکی دەرەوەی حزبەکانیان تا بەلێوەشاوەییو بەهرەو توانای خۆیان بڕوانامەکان بەدەست بهێننو سبەی ڕۆژ دەورو ڕۆڵی سەربەخۆی خۆیان بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنن، بەڵام پرۆژەی زانکۆ ئەهلیەکان دەیەوێت ئەم بوارەش دابخات تا بۆرژوازیو سەرمایەدارانی کوردستانو حکومەتەکەیان بەهێزی سەرمایەو پارەو پولەکانیان خۆیان بەسەر پرۆسەی خوێندنو زانستدا بسەپێننو قۆرخی بکەنو ئەویش بکەن بەپاشکۆی دەسەلاتی سیاسیو ئابووریان.

بەڵام ئەم سیاسەتو پرۆژانە لەگەڵ بەربەستی گەورە بەرەو ڕووە، هۆشیاری خەڵکی کوردستانو خوێندکارانو ئامادەیی ئەوان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخشەو پلانانە لەپێشەوەی ئەو بەربەستانەیە. مانگرتنی خوێندکاران لەسلێمانی و هەولێر نیشانیدا کەجموجوڵی سەربەخۆی جەماوەری دژی سیاسەتو پرۆژەکانی حزبە قەومیەکانی کوردستان لەئارادایەو توانای ئەوان بۆ کپکردنەوەو خەفەکردنی سنووردارەو ناچارن زەبرو زەنگو توندوتیژی لەبەرامبەریدا هەڵبژێرن. کەدیارە ئەم کارەش مایەی تورەییو بێزاری زیاتری خەڵکی کوردستانو سەرجەم خوێندکارانە.

بەڵام ئەم جموجوڵە سەربەخۆو جەماوەریانە کاتێك گوڕوتینی زیاتر بەخۆیەوە دەگرێتو کاریگەری زیاتری دەبێت کەخوێندکارانی کوردستان خۆشباوەڕ نەبن بە بەڵێنەکانی پارتیو یەکێتیو بۆ یەکڕیزی خۆیانو پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەریە سەربەخۆکانیانو هێنانەدی داخوازیەکانیان یەکگرتووانە تێبکۆشنو لەهەوڵدا بن پشتیوانی هەمەلایەنەی ڕێکخراوە پیشەییو سیاسیەکانی تری کوردستانو عێراق بەدەست بهێنن.

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعیراق**

2005/3/10